www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-7-2006 1:04

## كورد وئیدارەی مەلەفی كەركوك ... ئەحمەد عەزیز – كەركوك

2006/7/3

7-1

**هەڵبەتە لایەنی كورد لە شاری كەركوك هەر چی لە توانایدا هەیە بیكات و شەووڕۆژ بداتە دەم یەكتر هێشتا كەمە، چونكە ڕەنجی لە مێژینە و خەباتی گەلی كورد بەرەكەی لە پاش 16 مانگی ئاینده چڕ و ساغ دەبێتەوە. هەندێ جار لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندنەوە دەبیستین گوایا گەر مەلاش سەهو وهەڵەی كردبێت نەخێر لێپرسراوانی كەركوك نەیانكردوە و نایكەن؟ بەندە پێی وایە ئەو برادەرانەی قیادەی باری سیاسی و ئیدارەی شاری كەركوكیان لە ئەستۆیە هەوڵ و گیان بازییان كارێكی پێشمەرگانە و كوردانەیە و جێگای ڕێز و پێزانینە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە كە بێ كەم و كوڕین و هەڵەیان تێنەپەڕاندووە، بەڵكو چەندین لایەن و سەرنجی، سەر بارو ئیدارەی كەركوك هەیە پێویستی بە لە سەر وەستان و خستنەڕو و گفتوگۆ لە سەركردن هەیە، وا دیارە هەندێك لەو برادەرانەی ئەركی بەرپرسیارێتیان هەیە دووچاری نەخۆشی شێوەیەك لە غرور بونە بەوەی خۆیان بەدەر لە هەڵە و خەڵكانی ئاسای دەخوێننەوە، نیشانەكانیشیان لەوەوە زیاتر بە دەر دەكەوێت پاساو بۆ هەر كێشە و لایەن و كەمكوڕییەكی كەركوك دەهێننەوە كاتێك بێتە سەر گفتوگۆلەسەر كردن و ئەوەیان لە بەرچاو نەگرتووە، كە وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەكانی خەمخۆران و ڕوناكبیران، هەوڵوتەقەلاكانی ئەوان دەوڵەمەندتردەكات و كەموكورتییەكانیان پڕ دەكاتەوە، گەشتونەتە ئاستێك پێیان وایە داننان بە هەندێك هەڵە و بۆشایی و كێشەكانی شاری كەركوك لە مەزنی ئەوان دادەگرێت، كە پێچەوانەی پەندو ئەزمونی گەلان لایان چەسپیوە (الاعتراف بالخگر فچیلە) داننان بە هەڵەدا دانایی و گەورەییە!**

**لێرەدا و لە زنجیرە یەكەمی ئەم بابەتەدا تەنها یەك نمونەی ئیدارەی كەركوك دەخەمە ڕوو:**

**بەڕێز ئیدریس هادی وەزیری كاروباری كۆمەڵایەتی دەوڵەتی عێراق لە كۆتایی ساڵی 2005 سەرادنی شاری كەركوكی كردووە و وەك تاكێكی كورد لەو گۆشەیەوەی بۆی دەكرێت ویستویەتی خزمەتی خۆی بە شاری كەركوك بگەیەنێت، لەو ڕووەوە داوای لە ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك كردووە ناوی 36 هەزار كەسی كەركوكی بۆ ئامادە بكەن و ڕەوانی بەغدادی كەن لەوانەی: داهاتیان كەمودیاری كراوە- بێكار – دەستكورت، مانگانە بڕی 200،3 سێ ملیار و دووسەد ملوێن دەبڕێتەوە بۆ ئەو خێزانانە و هەر كەسێكی سەڵت لایەنی كەم 50 هەزار دیناری عێراقی پێ دەدرێت وخیزاندار و ژمارە منداڵ ئەو یارمەتییە بەرزتر دەكاتەوە، وا بڕیار بوو لە 2006/1/1 ئەو پارەیە دابەش بكرابایا بە سەر ئەو چینانەدا و لە بەر ئامادە نەكردن و بەرز نەكردنەوەی لیستی ناوەكان بۆ لای ئیدریس هادی تا ئێستا ئەو دەست پێشخەرییە فەرامۆش كراوە و بڕی 16 ملیار دینار لە كیسی خەڵكی كەركوك دراوە ئایا ئەم سەرنجە چەندین سەرنجی تر گفتوگۆقسەلەسەركردن هەڵناگرێت، باس كردنی خزمەت وپەرۆشییە یان پێچەوانەیە!**

7-2

**دیارە یەك لەو لایەنانەی ڕەنگدانەوەی نەگەتیڤی لە سەر مەلەفی كەركوك دروست كردووە، جیاوازی كاردنی حزبییانەیە لە سەر مەلەفی كەركوك، هەر لایەنەو بە دیدی خۆی كار لە سەر مەلەفی كەركوك دەكات، هەر لایەنەو كۆمەك و یارمەتیێكاتێكانی بە ڕێگای كەناڵە حزبێكانی خۆیەوە دەنێرێتە كەركوك و سەرفی دەكات بە بێ ئەوەی هەماهەنگییەكی ئەوتۆ دروست كەن لە گەڵ یەكتر یان بە ڕێگای ئیدارە و پارێزگاری كەركوك خرج كرێت، هەر ئەو هۆیەشە وای كردووە ناردنی سەدان ملوێن دۆلاری هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر بە كەركوكەوە وەكو پێویست دیار نەبێت، پێشتر هەر بە هۆی كاركردنی حزبیانەی كورد لە كەركوك لایەنەكان لە هەندێك بۆنە ودانیشتنی نێوان كورد و لایەنە نەیارەكان، لە شێوەی پرسیارێكی گومان ئامێز لە هەڵوێستی كورد، ئەوە دەخرایە ڕوو كە ئایا كورد دەخوازێت كەركوك بخرێتە سەر كام ئیدارە؟ هەولێر یان سلێمانی.**

دیارە یەکخستنی هەردوو ئیدارەی کوردستان لە سەر گشت تەوەر و مەسەلە گرنگ وستراتیجییەکانی کورد ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤی دەبێت لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش، بە تایبەتی لە سەر چارەنوس و ئایندەی کەرکوک، بۆیە پێویستە بە هەمان عەقڵییەت، کە گشت کۆسپ وگرێکوێرەکانی نێوان یەکخستنی هەردوو ئیدارەی کوردستانی چارەسەر کرد، هەمان گیان و هەڵوێست بهێندرێتە کەرکوک و بەرجەستە و تەعمیم کرێت، ئەگەر نا بەم میکانیزم وشێوەیەی کارکردنی ئێستای کورد لە کەرکوک بەردەوام بێت، ئەستەمە لەو تاقیکردنەوە سەخت و مێژوییەدا دەربچین، چونکە کات و سنورێکی دیاریکراومان لە پێشە.

کێ هەیە باوەڕ بکات بەوەی لایەنی کورد لە نێوان خۆی لە ناو ئەنجومەنی کەرکوک تا ئێستا نەگەشتونەتە ڕێککەوتن لە سەر پۆستی لیژنەی ئەمنی و لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، کە بەر لایەنی کورد کەوتووە و گرنگترین و هەستیارترین لیژنەی ناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکە و تا ئێستا بەرپرسیارێتی ئەو دوو پۆستە بە بۆشایی ماوەتەوە، هەروەها تا ئێستا یەکێتی و پارتی لە سەر دانانی بەڕێوەبەری ناحییەی سەرگەڕان سەر بە قەزای دووبز پێک نەهاتوون و ئەو ناحییەیە بە بێ بەڕێوەبەری ماوەتەوە! پۆستی فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک بەشی کوردە بەو پێیەی لایەنەکانی کەرکوک لە سەرەتاوە لەسەری ڕێککەوتون، ماوەی چەند مانگێکە بەڕێز لیوا شێرکۆ کاتی خانەنیشین کردنی هاتووە بە پێی یاسای و لە ئەنجومەنی کەرکوک گفتوگۆی زۆری لە سەر کرا و تا ئێستا نەگەشتونەتە ڕێککەوتن لە سەر دانانی کەسێکی کورد، کە یەک لە هۆکارەکانی هەڵپەساردنی ئەندامێتی لایەنی عەرەب و تورکمانی ناو ئەنجومەنی کەرکوک بوو، وەک لە یاداشتەکانیاندا بڵاویان کردەوە، ماوەی شەش مانگە جێگای پارێزگاری کەرکوک لە ئەنجومەنی کەرکوک بە بۆشایی مابۆوە، کە دنگێکی کورد بوو، وا هەفتەیەکە خاتوو لەیلا لە جێگای دانرا، لە کاتێکدا تەمەنی ئەنجومەن بەرە و کۆتای دەڕوات، بە پێی ئەو ڕێکەوتنەی لە کاتی خۆیدا بڕیاری لە سەر درا لە نێوان کورد ولایەنی عێراقی وهاوپەیمانان، کە دەبوو ئەنجامی هەڵبژاردن بۆ ماوەی ساڵێک بێت و پاشان هەڵبژاردن ئەنجام بدرێتەوە.

بۆیە پێوستە لە سەر سەرکردە مەیدانییەکانی یەکێتی و پارتی لە شاری کەرکوک لە سەر ئەم ناکۆکیانە و چەندین ناکۆکی و لایەنی دی ڕێککەون و بە یەک ئاراستە و پلانی هاوبەشەوە کار بۆ ساغکردنەوەی ناسنامە و ئاسای کردنەوەی باری کەرکوک بکەن و یەکخستنی ئیدارەی هەولێر و سلێمانی بە تەنها تیماری برینەکانی کورد و کەرکوک ناکات، گەر یەکێتی و یەک هەڵوێستی کورد شۆڕنەبێتەوە بۆ کەرکوک وناوچەڕزگارکاروەکانی تری کوردستان.

## 7 -3

شاری کەرکوک و خەڵکەکەی لە سایەی دەسەڵاتی بەعس و دەوڵەتی عێراقدا بە درێژایی مێژوو دووچاری غەدر و ناڕەواییەکی سەخت و زۆر بوبونەوە و لە سەر گشت لایەن و ڕووەکانەوە پێوە دیارە تا ئەم ڕۆژگارەشی لەگڵدابێت، چونکە وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، شارێکی وەکو کەرکوک، کە ناونراوە شاری ئاڵتونی ڕەش و پایتەختی نەوتی عێراق، لە ناو کوردیشدا بۆ بەڕەمزکردنی و پیرۆزی و بەرزڕاگرتنی ناو ومەسەلەکەی نازناوی دڵ و قودسی لێ نراوە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە، پاش کۆمەکێکی زۆر و بێ سنوری هەردوو ئیدارەی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی، بە دەر لە بودجەی دەوڵەتی عێراق و ڕەسمیات بە هۆی چاودێری نەکردن و باش هەڵنەسوڕاندنی ئەو یارمەتیانەی نێردراوە، گۆڕانێکی بەرچاو وهەست پێ کراوی لە سەر کەرکوک دروست نەکردووە، کەرکوک بووە بە یەک لە شارە ناشیرن و نائارامەکانی عێراق! ئایا ئەم نموزەجەی تا ئێستا هەمانە ئەوەیە، کە کورد و خەڵکی کەرکوک چاوەڕوانی لێ دەکرد، لە ئیدارە وباڵادەستی کورد پێشکەش بە کەرکوکی بکات، لە پاش پتر لە 80 ساڵ کاولکردن و داگیرکاری دەوڵەتی عێراق؟

گەڕەک و ناوچە کوردنیشینەکانی کەرکوک لە پێش هەر گەڕەک و ناوچەیەکی دی کەرکوک بوو، بۆ ئەوەی ئاوڕی لێ بدرێتەوە ودەستی چاککردن و ئاوەدانی کورد بیگاتی چونکە ئەو پڕۆسەیەی لە کەرکوک بەرپاکرابوو بە چڕی و سەختی ئەم بەری گرتبۆوە، کە زۆرینەی پێکهاتەکەی کورد نیشین بوو، پاش 3 ساڵ لە ئازادی و باڵا دەستی کورد لە شاری کەرکوک تا ئێستا

**نەتوانراوە لایەنی کەمی ئاوەدانی و ئاسایشی بۆ دابین کرێت، لە جیاتی ئەوەی ئومێد و دڵنیایی لە ناو خەڵکی کەرکوک بڕەوێنین، پێچەوانەکەی چەسپاوە، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا نەتوانرا زەمینە بڕەخسێندرێت بۆ گەڕانەوەی دەیان هەزار ئاوارەی کەرکوک لە سلێمانی و هەولێر، سەرەڕای ئەوەی بە زۆر وەزیفەکانیان تەنسیب کراوەتە سەر کەرکوک، خەڵکانێک لە کەرکوک ڕەو دەکەن لە کاتی ڕژێمی بەعسیش لە کەرکوک دادەنیشتن، هۆکاری سەرەکیش بۆ خراپ مامەڵە لە گەڵکردن و بەکارهێنانی مەلەفی کەرکوکە لە لایەن خودی کوردەوە لە کەرکوک.**

**ئەو کۆمەک و پارەمەتیانەی سەرکردایەتی کورد سەرفی کردووە، بۆ بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک بە شێوەیەک خەرج نەکراوە، تا ببێتە مایەی چاندنی هیواو و دڵخۆشی بۆ خەڵکی کەرکوک، لێرەداو و لەم گۆشەیەدا چەند نمونەیەکی چۆنێتی دابەشکردن و خەرج کردنی ئەو کۆمەکانەی لە لایەن ئیدارەی کوردەوە نێردراوە بۆ کەرکوک دەخەمەڕوو:-**

**لە گەڕەکەکانی شۆرجە و ئیمام قاسم و ڕەحیم ئاوا و تەپەی مەلاعەبدوڵلە و ئازادی جادەیەکی نوێ و دروستی نییە، گەر لە هەندێک ناوچە دروست کرابێت بە سەقەتی دروست کراوە وتێک چووەتەوە، هەر نوسەرێکی کورد و بێگانە دێتە کەرکوک باسی دیمەنی پیسی وداڕوخاوی گەڕەکەکانی کەرکوک دەکات.**

**سەرکردایەتی کورد لە پڕۆژە وبەرنامەی سیاسی و ستراتیجی خۆیدا لە نێو گشت ناوچە کوردستانییەکان کە داگیرکرابوو، کەرکوکی کردبوو بە ناونیشان و ڕەمزی گشت ئەو ناوچانە (بەدرەوجەسان، خانەقین، مەندەلی، خورماتوو، کەرکوک، مەخمور، شێخان، زۆمار) ، و تایبەت مەندییەکی پێ دابوو، بۆیە کاتێک وورد دەبینەوە لە چۆنیەتی کارکردن و هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ مەلەفی کەرکوک بەو شێوەیە نابیندرێتەوە کە لە سەرەوە لە لایەن سەرکردایەتی سیاسی کورد نەخشەی بۆ داڕێژراوە وکاری بۆ دەکرێت، نمونە:-**

- **بە پێی پڕۆژەیەکەی نامەدروس (87) ملیارو (566) ملوێن و (900) هەزار دینار خەرج کراوە بۆ چیمەنتۆ کردنی** 10 **گەڕەکی کەرکوک، کە لە زۆربەی گەڕەکەکان، ژێری چیمەنتۆکە ئاوڕۆی نییە و گەڕەکەکانی ئەوەندەی تر خەسارکردووە وتێکی داوە.**
- **لە کاتێکدا پەرژین بۆ قەبرسانی شێخ محێ الدینی کەرکوک دروست نەکراوە، کە زۆر دێرینە و یەک لە بەڵگەکانی کوردستانی بوونی کەرکوکە وتەنانەت جەنابی مام جەلال لە گفتوگۆکانی نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق لە ساڵانی هەشتاکان ئاماژەی پێدەکرد، کە زۆر داڕوخاوە و جادەکەی وێرانە، کە چی لە بەرانبەردا و لە جیاتی ئەوە پەرژین دروستکراوە بۆ گۆڕستانی دوبز بە بڕی (151) ملوێن و (728) هەزار و (675) دینار.**
- **لە کاتێکدا گەڕەکەکانی کەرکوک تا ئێستا ئاوەڕۆی بۆ دانەمەزرێندراوە و جادەکانی وەکو پێویست قیرتاو نەکراوە و چاک نەکراوە، کە چی بڕی (83) ملیارو (917) ملوێن و (500) هەزار دینار خەرج کراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی** 55 **گوند لە ناوچەی دووبز، کە بە پێی زانیاریمان تا ئێستا کەم لەوگوندانە لایەنی کەمی خەڵکەکەی بۆی گەڕاوەتەوە، کاتێکیش باسی دەکرێت پاساوی ئەوە دەهێندرێتەوە، کە گوایا ئەو ناوچەیە ئەمنی قەومی کورد پێکدەهێنێت و دابین دەکات.**
- **لە کاتێکدا ئەو هەموو وێرانی و کەم وکوڕییە بە کەرکوکەوە دیارە، لە جیاتی ئاوەدانکردنەوە و گێرانەوەی ڕوی شارستانییەت بۆی، بڕی (660) ملوێن و (640) هەزار و (825) دینار خەرج کراوە بۆ نۆژەن کردنەوەی (10) مزگەوت لە پارێزگای کەرکوک، وەک ئەوەی خەڵکی کەرکوک دینی ئیسلامی نەناسیبێت و بە هۆی نۆژەن کردنەوەی ئەو مزگەوتانە بکرێن بە ئیسلام.**

**جگە لەو نمونانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لەو پارەمەتی و کۆمەکانەی نێردراوە بۆ بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک، کۆمەڵێک کار و پڕۆژەی تری پێ کراوە پێم وا نییە پەیوەندی هەبێت بە ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک، یان کار و پڕۆژەی زۆر لەوانە گرنگتر و لە پێش تر هەیە نمونە:-**

**1. نۆژەنکردنەوەی بینای ئاسایشی کەرکوک لە قەرەهەنجیر بە (123) ملوێن و (680) هەزار و (50) دینار، دیارە ئاسایش مەرجەع و میزانییەکی زۆری خۆی هەیە! بۆ لەو کۆمەکانەی نێردراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک بینای ئاسایش نۆژەنبکرێتەوە؟**

**2. دروست کردنی بینایەک بۆ کۆمیتەی حەساری گەورە بە بڕی (125) ملوێن و (856) هەزار و (850) دینار، ئایا دروست کردنی بینای کۆمیتە پەیوەندی چییە بە ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک، دروست کردنی بینای کۆمیتە لە سەر مەڵبەند و مەکتەبی ڕێکخستن و ئیدارەی گشتییە یان لە کۆمەکی ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک بۆی ببڕێت؟**

**3. کڕینی خانو بۆ بارەگای پەرەپێدانی کەرکوک بە (240) ملوێن واتا نزیکەی (160) هەزار دۆلار ئایا ئەمە دەچێتە خانەی ئاوەدانکردنەوەی کەرکوک.**

**4. دروست کردنی 16 یاریگا و مەلەوانگا بە (61) ملیارو (683) ملوێنو (594) هەزار و (50) دینار ئایا گەر ووردبینەوە پرۆژەو کاری لەمانە لە پێش تر نییە تا لە کەرکوک ئەنجام بدرێت.**

**5. لەو بودجە و کۆمەکە زۆرو زەوەندەی بۆ کەرکوک دێت گوناه نییە (248) ملوێن و (218) و (950) دینار خەرج کرێت بۆ کڕینی 12 ئۆتۆمبیل، بۆ ئەنجومەنی کەرکوک و خودی ئەو ڕێکخراوەی پارمەتییەکان دەگەیەنێتە کەرکوک، لە کاتێدا دەیان ئۆتۆمبیل لە بەغداد و لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبەخشرێتە ئەنجومەنی کەرکوک، یەک ئەندامی ئەنجومەنی کەرکوک نییە جارێک یان دوو جار ئۆتۆمبیلی بە دیاری وەر نەگردبێت لە بەغداوە و ئیدارەی کوردستانەوە؟**

**6. لە کاتێکدا زۆر زۆر بە کەمی هێمای هاتوچۆ بەر دیدەنی دەکەوێت لە کەرکوک، ئایا جێگای هەڵوێستە لە سەرکردن نییە، کە دەبینرێت لە بودجەی ئەو کۆمەکانەی لە ئیدارەی سلێمانیەوە بۆ کەرکوک هاتووە بڕی (441) ملوێن و (375) هەزار دینار واتا (292) هەزار دۆلار بەو ناوەوە تۆمار کراوە و لە سەر ئەرزی واقیع بوونی نییە.**

**بە هۆی دورخستنەوەی دەسەڵات و توانای ڕاستەقینەی کورد لە شاری کەرکوک، لە ماوەی ڕابردوودا و بە هۆی پیادەکردنی سیاسەت و پرۆسەیەکی داڕێژراو لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، کورد پەراوێز خرابوو، بە تایبەت لە ناو بازار و دامودەزگاکاندا، لە ڕوی دەسەڵات و بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی ناو کەرکوک، لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق ورزگاربوونی کەرکوک، تا ڕادەیەکی زۆر باش ئەو بۆشاییە پڕکرایەوە، بەڵام ڕێژەی کورد لە ناو دامودەزگاکاندا تا ئێستا بلانس نەکراوە، بە گوێرەی ڕێژەی کورد! تا ئەمڕۆش تورکمان زاڵە بە سەر بازاری کەرکوکدا، بۆ نمونە ئەو تەلار و بازارە ناسراوانەی لە کەرکوک هەیە بەشی گەورە و هەرە زۆری خاوەندارێتێکەی دەگەڕێتەوە بۆ تورکمان لەوانە (تەلاری شوکر نەجار، تەلاری سعادە، تەلاری دارالالحان، تەلاری حەمدانی، تەلاری خان خەلیلی، تەلاری خەلیل ئاغا و تاد) .**

**بە پێی ئەو ڕاستیانە لە سەرەوە خرایە ڕو، دەردەکەوێت، ئەو بوجە و پارمەتییە زەبەلاحانەی نێردراوەتە کەرکوک بە ڕاستی و تەواوی لە جێگای خۆیاندا سەرف نەکراوە و باش کاری پێ نەکراوە، بۆیە بە کەرکوکەوە دیار نییە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نە بونی چاودێری و بەدواداچون و پلانێکی ستراتیجی ڕێکخراو و داڕێژراوی پێش وەخت، بۆ ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوەی کەرکوک و پڕکردنەوەی بۆشایی و پێویستییەکانی کورد و کەرکوک، بە پێی ئەولەویەت.**

**هەڵبەتە بە لای خەڵکی کەرکوکەوە مەبەستە، لە پێش هەر لایەنێکی تر دەبوو ئەو بودجەیەی لە بەغدادەوە دێت بۆ کەرکوک لە گەڵ کۆمەک و پارمەتێکانی هەردوو ئیدارەی کوردستان، ئەم لایەنانەی بگرتبایەتەوە:-**

- **دروست کردنی کۆمەڵگای نیشتە جێ بوون بۆ ئاوارەکان، چونکە تا ئێستاش ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە لە باری ژیانی ئاوارەییدا دەژین، ئاوارەی کەرکوک لە سلێمانی و هەولێر ژیانی زۆر خۆش و ئارامترە، وەک لەوانەی گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک، ئەوە دیارترین هۆکاریشە وای کردووە کە ئاوارەکانی دی لە کوردستان بیر لە گەڕانەوە بۆ کەرکوک نەکەنەوە.**
- **چاک کردنی شەقام و ڕێگاوبانە سەرەکییەکان کە ڕۆژانە خەڵکی بە دەستیەوە دەناڵێنێت و هەندێک جار پارمەتی دەری کارە تێرۆریستییەکانە.**

- **دانانی بەدالەیەکی دیجیتاڵ مەرکەزی بۆ کەرکوک، چونکە تا ئێستا ئەو بەدالەیەی ناوچە کوردنیشینەکانی لە سەرە، هی ساڵانی حەفتاکانە.**
- **دمەزراندنی تۆڕی ئاوەڕۆ، کە بە ئەندازەیەک نەبوونی خەڵکی نارەحەت کردووە گەشتە ڕادەی ئەوەی لە گەڕەکەکانی ڕەحیم ئاوا و شۆرجە خۆپیشاندانی نارەزای و کاری تێکدەری ئەنجام بدرێت.**
- **لەو پارانەی لە کوردستانەوە دێت بۆ بوژاندنەوەی کەرکوک، پێویستە هەندێک سیمای کوردی بە بازاری کەرکوکەوە نیشان بدات و هاوشێوەی ئەوەی عەرەب تورکمان هەیەتی کوردیش هەندێک تەلار و بازاری هەبێت، کە مەزەندەدەکرێت ڕێژەی کورد لە کەرکوک لە سەروی 50% بێت بەڵام خاوەنداریتی لە بازار و تەلارەکاندا ناگاتە 25%.**
- **نەبوونی هۆڵێکی گەورە بۆ کورد یەک لە بۆشاییە بەرچاوەکانە، کە بە هۆیەوە ناتوانرێت کۆنسێرتێکی گەورە بۆ هونەرمەندێکی ناسراوی کورد یان بۆنەیەکی نیشتمانی، یان کۆڕ و چلەی شەهیدێک ڕێکبخرێت کە دەبوو لەو پارمەتیانەی بۆ کەرکوک هاتووە لە کوردستانەوە، ئەو پرۆژەیەی لێ جێ بە جێ بکاربایا، کە کەلێنێکە بە کاسایەتی کوردەوە دیارە ئەمڕۆ لە کەرکوک.**

## 7 - 4

**ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و سەرۆکەکەی بەو پێیەی هەڵبژێردراوی خەڵکی کەرکوکن و لە پرۆسەیەکی دیمۆکراسیدا بونە نوێنەری خەڵکی کەرکوک و بەرژەوەندێکانی و موتمانە و دەنگی خەڵکیان بە دەست هێنا، دەبوو لە گەڵ خەڵکی ڕەسەنی کەرکوک و دام و دەزگا پەیوەندارەکانی دانەبڕانایا و پەیوەندییەکی دەوری گەرم و زیندوی دابمەزراندایا، تا هاوکار و پیشتیوان و تەواوکەری یەکتر بونایا و ڕێخۆشکەربوایا بۆ دووبارە سەرکەوتن و هەڵبژاردنەوەیان، کە وا بڕیارە ئەنجام بدرێت، ئەوەی جێگای تێڕامان و سەرسوڕمانە خودی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک و سەرۆکەکەی، تا ئێستا بە شێوەیەکی هەست پێکراو دابڕاوە لە گەڵ زۆربەی چینوتوێژەکان و کەسان و دەزگا سەرەکییەکانی کەرکوک، نەزانراوە تا ئێستا ئەنجومەنی کەرکوک لە گەڕەگ و ناوچە جیاجیاکانی کەرکوک کۆبونەوەی جەماوەرییان ئەنجام دابێت، کە تەنانەت لە کاتی دەسەڵاتی بەعسیشدا بە ناوە ئەنجام دەدرا بە شێوەیەکی کارتۆنی و شکلی و پێیان دەوت (ندوە) ، هەڵبەتە خۆپشاندانی نارەزای و گرتنەبەری ڕێگای تێکدەری و توندوتیژی خەڵکی گەڕەکەکانی ڕەحیم ئاوا و تەپەی مەلاعەبدوڵلە و شۆرجە کە بە لانکەی کوردایەتی ناسراون بەڵگەی سەلمێنەر و زیندوی دابڕاوی ئەنجومەنی کەرکوکە و دەری دەخات کە ڕێگاکانی گفتوگۆکردن و لێکترگەشتن لە نێوان ئەنجومەن و خەڵکدا داخراوە و چەقی پەستووە، ئەگەر وانەبوایا تورەیی خەڵکی نەدەگەشتە ئەو ڕادەیە! دیارە ئەو خۆپشاندانەی لە ناوچە کوردنیشینەکانی کەرکوک ئەنجام درا، نەک بە تەنها مایەی شەرمەزاری بوو، بۆ ئەنجومەنی کەرکوک بەڵکو بۆ گشت کورد لە بەرانبەر لایەنی عەرەب و تورکماندا، هەروەها لایەنێکی تری ساردی و دابڕاوی سەرۆکی ئەنجومەنی کەرکوک، لە گەڵ خەڵک و لایەنەکانی کەرکوک بریتییە لە خۆدورگرتن و هاتوچۆنەکردنی سەرۆکی ئەنجومەن وەکو پێویست لە گەڵ پارێزگاری کەرکوک عبدالرحمن مێگفی و عارف قوربانی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی کەرکوک و شوان داودی لێپرسراوی دامەزراوی هەواڵ وستران عەبدوڵلە لێپرسراوی دامەزراوی خەندان، کە چوارکەسایەتی و چواردەزگای گرنگ و هەستیاری شاری کەرکوکن، بە تایبەت هەردوو دامەزراوی هەواڵ و خەندان وەک دەست پێشخەری وهەڵوێستێکی دڵسۆزانە و کوردانە بارەگاکانیان لە شاری سلێمانییەوە گواستەوە بۆ کەرکوک، کۆمەکێکی کەم وێنەی ئەزمونی کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی کوردی بوو بە کەرکوک لە پاش ئازادکردنی لە دەسەڵاتی بەعس لە 2003/4/10، کە بە بێ گومان بۆشاییەکی گەورەیان پڕکردەوە و ئەزمونێکی دەوڵەمەندیان گەیاند و بەخشی بە شاری کەرکوک.**

**بۆیە پێوستە لە سەر ئەنجومەنی کەرکوک و سەرۆکەکەی تا دابڕاوییان لە گەڵ جەماوەر و خەڵک و لایانەکانی کەرکوک لەوە زیاتر درێژە نەکێشێت، پێویستە سود وپەند لە هەڵە و ئەزمونی ماوەی کارەکانی ڕابردوویان وەرگرن، تا ئەم نەخۆشی و لایەن و کەم وکوڕییانە تەشەنە نەکات، وە پێویستە لە سەریان ئەو خاڵانە بخەنە ئەجێندا و ئەولەوییەتی خۆیانەوە و کار بۆ چاک کردنیان بکەن، تا ڕێخۆشکەر وهاندەری دەنگدانەوەی هاوڵاتیان بێت بە لیستی کوردی و ئەنجومەنی داهاتووی کەرکوک.**

7 - 5

**بەشی هەرە زۆری پەشێوی و نائارامی کەرکوک، دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیری سیاسی و ململانێی نێوان کورد و نەتەوەکانی ترلە سەر کەرکوک ودەست تێوەردانی دەرەکی، لێرەدا و لەم گۆشەیەدا تەنها جەخت دەکەینە سەر چەمکی ئاسایش.**

**ئەمڕۆکە لە سەر ئەرزی واقیع لە شاری کەرکوک کەس نییە هەست بە دڵنیایی بکات و خاوەن ژیانی خۆی بێت، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی ئاسایش، بەو پلان و میکانیزمەی تا ئێستا هەیە ئاسایش دابین ناکرێت، چونکە ئەو ئەرکە بە پلە یەک، خراوەتە ئەستۆی پۆلیس (کە شارەزایی و ئەزمونێکی کەمی لەو بوارەدا هەیە) لە گەڵ ئاسایشی حزبی (یەکێتی و پارتی) + سوپا، گەر بڕوانینە ئاماری ڕوداوەکان دەبینین هەر بە تەنها لە ماوەی نێوان مانگی 2006/1 تا کۆتایی مانگی 2006/4: 448 کەس لە شاری کەرکوک بریندار بووە و کوژراوە و ڕفێندراوە، هەروەها لە ماوەی نێوان مانگی 2006/1 تا کۆتایی مانگی 2006/4: 460 حاڵەتی تەقینەوەی (عبوە ناسفە – ڕوکێت – ئۆتۆمبیلی چێنراو – تەقاندنەوەی بۆڕییە نەوتییەکان – ڕوداوی تەقەکردن) لە شاری کەرکوک ڕوی داوە، باری کەرکوک بە پێی ئەو ئامارانەی خرانە ڕوو دەتوانین بڵێین ئێستا یەکێکە لە شارە نائارامەکانی عێراق، لە بەر ئەوەی نەتوانراوە ئاسایشی بۆ دابین کرێت و دەزگا بەرپرسەکان (ئاسایش – پۆلیس - سوپا) سەررکەوتونەبونە لە بە ئاکام گەیاندنی ڕۆڵ وئەرکەکانی خۆیان و بەرپرسیارێتییەکەیشی دەکەوێتە ئەستۆی کوردەوە، چونکە بەشی هەرە زۆری ئیدارە و لێپرسراوانی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک بە دەست کوردەوەیە؟**

**لایەنە سیاسیەکان، بە تایبەتی یەکێتی و پارتی لە کەرکوک، تا ئێستا لە سەر پڕۆتۆکۆل و بەرنامەیەکی وا ڕێکنەکەوتون، تا هەوڵ و تواناکانی ئەو 3 لایەنە پەیوەندارە (ئاسایش - پۆلیس - سوپا) بە فیعلی کۆبکاتەوە، بەم شیوەیەی هەیە بەشی زۆری هەوڵەکان لەو ڕووەوە، پچڕپچڕ بووە و پێکەوە نەبەستراوەتەوە، ئەمە وێڕای چەندین دەزگای تری ئەمنی حزبی، کە بە هەمان میکانیزم کاردەکەن وکەرکوک بووە بە تاقیگەیەک بۆ ساغکردنەوەی ئاستی عەقڵ وکارەکانیان، کاتێک زانیارییەکی ئیستخباراتی لە سەر کەرکوک دەدرێتە لایەنێک لەو لایەنانە لە جێگایەکی سێنتراڵ لە شێوەی ژوری عەمەلیات کۆنابێتەوە، تا هەر دەزگایەک لە لای خۆیەوە، ئەوەندەی لە سەرێتی کاری لە سەر بکات، بۆ نمونە زانیارییەک دەدرێتە لایەنێک دەنێردرێتە هەولێر یان سلێمانی بۆ ئەوەی بڕیاری لێ بدرێت، هەندێ جار کاتی بە سەر دەچێت و کاری لە سەر نەکراوە، یان ڕەنگە تەواوکەری ئەو زانیارییە لە لای لایەنێکی دی بێت و بە هۆی لە یەک نەدان ویەکنەخستنیان نرخ و مەبەستەکەی لە دەست دەدات، تا ئێستا پلانێک نییە ئەو هەوڵانە بە شێوەیەکی مەیدانی کۆبکاتەوە، بۆ نمونە ئەو تۆڕە تیرۆریستیانەی دەستیان لە شەهید کردنی مقدم دەشتی عەزیز وهاڕێیانیدا هەبوو، 2 کەسیان لە سلێمانییە و 3-4 کەسیان لە هەولێرە وا بۆ ساڵێک زیاترە هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی زانیاری و هەماهەنگییەک نەکراوە لەو ڕووەوە لە سەر ئەو تۆڕە، ئەمە تەنها وەک نمونە، کە ڕەنگە گرێدانی هەوڵ وتەقەلاکان زۆر گرێکوێرە وسەرەداوەکان ئاشکرا بکات و کارەکان ئاسان تربکاتەوە، ئەو بۆشایی و لێکدابڕاوییەی دامودەزگاکانی کەرکوک وای کردووە باری ئاسایشی ببێت بە مەسەلەیەکی (پانوی) ، چونکە مەبەستی شەخسی و کێبڕکێی حزبی زاڵە و خۆی سەپاندووە بە سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و کەرکوکدا، لایەنێکی تری نائارامی کەرکوک هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، لە ناو دامودەزگاکاندا، ئینتیمای حزبی و شەخسی زاڵترە لە ئینتیمای چارەنوسی شار و وەزیفە، بە پێی ووتە ولێدوانی عەبدولڕەحمان موستەفا پارێزگاری کەرکوک هەرفەرمان وڕێنماییەک دەدەین بە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و بەرپرسەکانی پۆلیس گەر لە گەڵ ڕێنماییەکانی حزب یەک نەگرێتەوە ئەوا جێ بە جێ ناکرێت، ناشتوانن (إجرا و ات) و لێپرسینەوە بکەن، چونکە هەر یەک لەو هەڤاڵانەی بەڕێوەبەری فەرمانگەیەکن، یان بەرپرسی بنکەیەکی پۆلیسن، کاندید کراوی حزبن و ئەوان بۆیان نییە لایانبەرین و بیانگۆڕین، ئەوەش هۆی سەرەکی پەیڕەونەکردنی دیسپلین و (چبگ و ربگ) و ئەو پاشاگەرانییەیە، کە لە کەرکوکدا هەیە، بۆیە سەرەنجام کەرکوک لە بارێکی نائارام و بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە.**

7 -6

**دیارە زانکۆ گەورەترین مەڵبەندی شارستانی و زانستییە و بوونی ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە پێشخستنی ژیانی کۆمەڵگادا، هەروەها ئەتوانێت جێ دەستی دیاردەبێت لە سەر گشت ڕوداو وگۆڕانەکاندا بە ڕویەکی پۆزەتیف.**

**شاڵاوی تەعریبی ڕژێمی بەعس زانکۆی کەرکوکیشی گرتبووەوە وەک هەر دەزگا و لایەنێکی تری کەرکوک، گەر تێبینی بکرێت دەبو بەو پێیەی کورد ڕێژە و بوونی هەیە، کە خۆی لە سەروی 50% دەدات، پێویست بوو ڕێژەی کورد لە فەرمانگە و دەزگاکانی کەرکوک ڕەنگی بدایەتەوە بە قەد قەبارەی خۆی، هەڵبەتە ئەو ئەرکەش بە پلە یەک کەوتووەتە ئەستۆی بڕیاردەر وگەورە سیاسیەکانمان لە ئیدارەدانی باری سیاسی و مەلەفی کەرکوک و پێویست بوو لە سەریان ڕەچاوی تەرازوکردنی ڕێژەی کوردیان بکردبایا لە دام و دەزگاکانی کەرکوکدا، بە تایبەتی زانکۆ چونکە مەڵبەندێکی زۆر گرنگ و هەستیارە، ئەوەی زۆر جێگای داخە سەرەڕای زەمینەی 3 ساڵ ئازادی و باڵادەستی کورد لە کەرکوک، کە چی ڕێژی گشتی کورد لە مامۆستایانی زانکۆی کەرکوک تا ئێستا 20. 5. % لە بەرانبەردا عەرەب 58% و تورکمان 20. 1%، هەروەها لە کۆی 12 بەشی سەرۆکایەتی زانکۆی کەرکوک لێپرسراوی 9 بەشی عەرەب و تورکمانە و تەنها 3 بەش لێپرسراوەکەی کوردە، لە ڕاستیدا لێپرسراوی 1 بەشی بە تەواوەتی کوردە و لێپرسراوی 2 بەشەکەی تر کوردن، بەڵام زمانی قسەکردنیان لەماڵەوە تورکمانییە و کار بۆ بەرژەوەندی تورکمان دەکەن، هەروەها ڕێژەی کورد لە کارمەندانی زانکۆی کەرکوک تا ئەمڕۆ 30% لە بەرانبەردا ڕێژەی عەرەب 37%، تورکمان 32. 6%، لە کاتێکدا ڕێژەی گشتی عەرەب و تورکمان لە یەک دەیت ناگاتە 50% بە پێی خەمڵاندنی لێپراسراوانی کەرکوک، بەڵام لە ناو دامو دەزگاکاندا و بە تایبەتی لە زانکۆ دوو هێندەی کورد بەش و ڕێژەیان هەیە، وەک تێبینی دەکرێت لە ڕێژەی دابەش بوونی نەتەوەکان لە زانکۆی کەرکوک، ئایا ئەم لایەنەی کەرکوک هەڵناگرێت هەڵوەستە و بەدواداچونی لە سەر بکرێت!**

**دیارە مەبەست لە خستنە ڕوی ئەم بابەتە و بڵاوکردنەوەی زنجیرە بابەتێک لە بارەی: کورد و ئیدارەی مەلەفی کەرکوکەوە، خاڵدانانە لە سەر پیتەکان و دیاریکردنی بۆشای و کەلێنەکانی ئیدارەی کوردە لە مەلەفی کەرکوک بە پێی ڕێژە و ژمارە، بە شێوازێکی مۆدرێن و سەردەمانە، نەک تیروتوانج وەشاندن و جێگا لەفکردنی بەرپرسان، چونکە باش دەزانم مەسەلەی لابردنی هەر بەرپرسێک بووە بە ڕێژەی نەگۆڕ و قابیلی گۆڕینی نییە، بەڵکولە پێناو ڕاستکردنەوە و چاک کردنەوەی باری کوردە لە کەرکوک، لەو ماوە کورتە وتاقیکردنەوەیەی لە پێشێتی کە سەقفی بۆ دیاری کاروە تا 2007/12/31، بۆیە لەم ڕێگایەوە ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆم دەخەمە ڕوو، تا بە هۆیەوە دەزگا و لایەنە پەیوەندارەکانی لێ بە ئاگابهێندرێتەوە و کاری لە سەرکەن؟**

**7 - 7**

**سەرەنجام تا ئێستا ئەدائی کورد لە خودی کەرکوکدا لە ئاستی پێویستدا نەبووە، چەند گفتوگۆ و قسە بکەین لە بارەی ئیدارەی مەلەفی کەرکوکەوە، لە پێناو ئەوەدایە بۆشاییەکانی ماوەی ڕابردو پڕ بکرێتەوە و مسۆگەری سەرکەوتنی ئاسایی کردنەوەی باری کەرکوک و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکرێت لە ئایندەدا و پێم وایە ماوەیەکی کورت و چارەنوسسازە بۆ خەڵکی کەرکوک و جولانەوەی سیاسی کورد، لە کەرکوکدا نەماتوانیوە بە ڕاستی نمونەیەکی شارستانی زیندو و سەرکەوتو بخەینە ڕوو لە بواری خزمەت گوزاری سەرەتایی و ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوە و دابین کردنی ئاسایش و جێگیری سیاسی تا هەنگاو ڕووەو ئاسایی کردنەوەی باری کەرکوک بنرێت، هەروەها بە قەدەر ئەو سەرکەوتن و دەست کەوتانەی بۆ کورد هاتونەتە دی لە وەرگرتنی پۆستەکانی کەرکوک، هاوکات پێویست بوو کار بۆ تەرازووکردنی ڕێژەی کورد بکرابایا لە ناو دام و دەزگاکانی کەرکوکدا بە تایبەت لە کۆمپانیای نەوت و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و زانکۆ و چەند فەرمانگەیەکی تر، کە کورد هێندەی بوونی خۆی ماف و ڕێژەی وەرنەگرتووە.**

**ئەوەی مایەی نائارامی و دڵەڕاوکێیە لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوو تا ئەمڕۆ بە فەرمی هەنگاوی پلە سفر دەستی پێ نەکردووە لە مادەی 58 یان مادەی 140 دەستوری هەمیشەیی، بە هۆی پیادەکردنی سیاسەتی دەستی بە دەستی و خۆدزینەوە لە جێ بە جێکردنی بەرنامەی ئاسایی کردنەوەی باری کەرکوک، هەر جارە و بە بیانویەک، مەجلیسی حوکم جێبەجێکردنی مادەکەی خستە**

سەر حكومەتی كاتی و دواتر خرایە سەر حكومەتی ئینتیقالی و دواجار بە جێهێڵدرا بۆ حكومەتی هەمیشەی و سەرەنجام بە چەق بەستیوی ماوەیەوە.

وا بۆ ماوەی 6 مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجامدرا و بۆ نزیكەی دوو مانگیش دەبێت حكومەتی عێراقی دامەزراوە، تا ئێستا مەسەلەی ئاسای كردنەوەی باری كەركوك بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوە و لایەنی كوردیش ئەوەی یەكلای نەكردووەتەوە، ئایا سەبری چاوەڕانی تا كوێ بڕ دەكات، گەر هەمان ڕەفتار و ستراتیجییەتی ڕابردوویان بەكارهێنا (سیاسەتی خۆدزینەوە و مماگلە) ، ئایا لە حاڵەتێكی وادا، چی ڕێوشوێنێك دەگیرێتە بەر، ئایا پلان و بەرنامەیەكی ئامادەكراومان هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانێكی لەو جۆرە؟

لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا و لە پاش ساڵی 1991، حكومەتی عێراقی 2 پلانی سەربازی تەواوی ئامادەكردبوو سەبارەت بە كەركوك تا لە كاتی پێویست و تەوقیتی خۆی كاری پێ بكات بەرانبەر هەر هەڕەشە و مەترسییەك لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە بۆ سەر كەركوك، دوو پلانەكەش بریتی بوون لە: (1- خگە دیفاع عن مدینە كركوك 2- خگە تحریر مدینە كركوك) واتا كاتێك هێزی پێشمەرگە بە شێوەیەكی كوتوپڕ پەلاماری كەركوكی دا چۆن بەرگری لە كەركوك دەكەن، پلانی دووهەمیش گەر هات و لە ناكاو هێزی پێشمەرگە كەركوكی ئازاد كرد چۆن داگیری دەكەنەوە، ئەمە وەك نمونە بۆ ئەوەی بزانرێت دوژمنانی كورد چۆن كاریان لە سەر كەركوك كردووە وئێمە چۆن كاری لە سەر دەكەین، لەو ڕووەوە پێویستە لە ئێستاوە سەركردایەتی سیاسی كورد ئامادەكاری تەواوی هەبێت سەبارەت چارەنوسی كەركوك لە سەر دوو ئاست:

1. پلان و بەرنامەیەكی تۆكمە و ستراتیجی گونجاو دابڕێژرێت بۆ ئاسایی كردنەوەی باری كەركوك لە لایەن كوردەوە، پلانەكەش بە ڕاوێژ لە گەڵ خەڵكانی شارەزا و پسۆر ودڵسۆز ئامادە بكرێت، وە لە ئێستاوە كاتێك دیاری بكرێت گەر هاتوو تا ئەو بەروارە، لایەنی عێراقی دەستی نەكرد بە هەنگاوەكانی ئاسای كردنەوەی باری كەركوك، ئەوا كورد بۆ خۆی بە پێی ئەو پلانە دەست بە جێ بە جێ كردنی ئەو پلانە یەدەگە (بەدیلە) بكات و بودجە و میزانییەشی لە ئێستاوە بۆ تەرخان بكرێت لە لایەن حكومەتی كوردستان و سەركردایەتی سیاسی كوردەوە.

2. لە كەركوك و ناوچە تەعریبكراوەكانی تری كوردستان ژوری عەملیات، یان لیژنەیەكی باڵا لە ئێستاوە دابمەزرێت و پرمەشق و ئامادەبكرێن و ڕێشوێن و میكانیزمەكانی جێ بە جێكردنی ئەو پلانەی لە خاڵی یەكەمدا ئاماژەی پێكرا دەست نیشان بكرێت، بە شێوەیەك لە كاتی بڕیاردانی سەركردایەتی سیاسی كورد لە سەری یەكسەردەست بكرێت بە جێ بەجێكردنی بەرنامەكە.